# ناساندنی شاعیرێکی بێسەرو شوێن

## کاوەی حەمە تاتە

ساڵی 1960 لە دایك بووە

لە( 2- 5 - 1983 ) لە سێدارە درا وە

## کورتەیەك لە ژیانی شاعیر :

کاوە محمد ئەمین ناسراوە بە کاوەی محمد تاتە
لە ساڵی 1960 لە گەرەکی سابوون کەران لە شاری سلێمانی لە دایك بووە
.ساڵی 1982 کاتی گیراوە خوێندکاری دواقۆناغی ئامادەی پیشەسازی بووە
بە گوێرەی نوسراوێکی دائیرەی ئەمن لە 2/5/1983 لەگەڵ 34 کەسی تر لە سێدارە دراوە برایەکی تری لە هەمان رێکەوت لە سێدارە دراوە
.بەناوی (ئەردەلان) ،هەردووکیان گۆڕیان نیە
جگە لە خۆی و ئەردەلانی برای دووبرای لە پێشمەرگایەتی شەهید و باوکیشیان لە ناو شار شەهید کراوە ، لە خێزانێکی حەوت کەسی ،تەنیا دوو کچ
. ماوون لە مەرگ دەربازیان بووە
دایکیان لە ساڵی 1972 کۆچی دووای کردووە
شاعیری شەهید (کاوە حەمە تاتە ) جگە لەوەی شیعری نووسیووە، شانۆکاریش بووە، لە چەندان شانۆ بەشداری کردووە، چیرۆکیشی نووسیوە ،خاوەن
دیوانێکی چاپ نەکراوە کە ساڵی 1980 لە ( وەزارەتی رۆشنبیری هو راگەیاندن )ی بەعس رێگەی بڵاوکردنەوەی پێنەدراوە دیوانەکەی لە
. بەردەستمانە

# شیعرەکانی کاوە

شیعری نیشتمانی لە پەنای ڕەمزدا:
چەند نمونەیەك دەخەینە ڕوو
جیرە ، ڕاوکردن ، ڕانەگرتن ، تێکۆشان ، گەمارۆ ، خۆزگە ، لافیتە ، ریزبوون ،)
( دارستان، سکاڵا ، شێرکۆ بێکەس
2-شیعری چینایەتی
( ژەنگ ، مرۆڤی ڕەش ، نانەوا )

3-شیعری دڵداری
چەند نمونەیەك دەخەینە ڕوو
( خۆشەویستم ، سەیران ، جەسور ، ناڵە )

# ڕیزبوون

گەلێکی لە جیهان نەناسراو
کۆمەڵە لاوێکی
دڵدار بە خاك
ڕێگەی کاوانیان
ئاراستە کرد گشت لادێکان
لە سەر ڕێگا
دالێکی رەش
کە شەیدابوو بە خوێنی گەش
لە ئاسمانی
تەمێ بێ ویژدانی
....... بە چاغە ........ چاغ
لاوەکانی تاك تاك ئەکوژن
لەو ساتەدا
مێژوو وتی گەرلاوەکان
لەناو ریزی یەکێتی بن
ئەوا خألی ڕێگا بە دەست ئەگرن
دالّەکەش بە سەر شۆڕی دەبێتەوە
وانەیەکی لە بیرنەچونەوە
ئاسمانی گشت گەلێکی نەناسراو

# ڕانەگرتن

لە گۆڕستانی مرۆڤدا
كێلێك لە زەوەیەكەی یاخی بوو
ڕێگای دەربازبوونی گرتە بەر
گڵی سەر گۆڕەكە بە پەشۆكاوی
بەدوای خۆی بڵاو كردەوە
لە دەم تولە ڕێگایەك
كەوتنە گفت و گۆ
گڵ........... بۆ یاخی بووی
!!! كێل ........... تۆ ئازارم دەدەی
ئەی گوایە تۆ بۆ یاخی بووی ؟؟؟
كێلە مردووە ئەیەوێ
!!!! منی خاكیش پیس بكا